# تاقـانـه سـێوو

**دیار محمد**
dyar_mahamad@yahoo.com



له ژێر چمکی باڵەکانتا حەشارمدە
بەرلە تورە بوونی ئاسمان
و گەڵا نارنجیەکانی خواوەند
بەرلەوەی هەورە گریاوەکان سوژدە بەرن
شێوەی پەریەکی بێ باڵ و ئاوازێ
لەزەردەخەی ئەوێت
بەرەو هاواری نەزانین هەڵفراند
بەر لەوەی یەخەی زستانم گرێ مەرگ
باجی قیامەت ئەبەخشم
پەنجەکانم بسوتێنە
له سوچێکی بەهەشته روخاوەکانی ئەوێ
بەر له فرینی رۆحی پەپولەیەك
فرمێسك له ماڵی ئەستێرەکان وەدەرنێ
له گیانەلاَی دەنگی دەفێك بۆ ناپرسی
پێکەنینە ساواکانی
بەرەو مەملەکەتی تەنیایی فریودا
هەناسەت له میحرابێ چاوەڕوانی
باوەشێ قودسیەتی تۆراند
حەشارمەدە له شەونمە سور هەڵگەراوەکانی درۆ و
سەدەفە له تووپەتەکانی دەریا
تا لەسەر کێلە ئاویەکان
وانەیەك بنوسمەوە و
بگەینە ئەو پەپولەی باڵی
چنراوە له حیکایەت
تا لەم بەری ڕوبارە شێتەکەی زەمەن
قوتار بین
تاله ستیانی سێوێکدا

ماندوونەبین
لەو دیوو فڕینی پاساریەکان
لە دەشتی ڕووبار سەماکەین
بەمەلەی هەناسەی ماسیەك
تا دەگەینە ناسکترین سێوی تاقانە و
لە شوشەی
سینەتا هەڵکەم
بەیانیانم بە تەنیا بوو
تەنیایمان بەنەورەسێك
دەناسێنین
لەخۆر ئاوابونی وولاتی سەراب و ماڵی ماسیە
مەکربازەکان بڕوانە
تارۆحی پاساریەکان بنێژین
بۆ شەمامە قەیرەکانی تەنیای
لە ئێوارەی لێمۆکان باخی گشتی و
دەست بازی گەڵاکان ئەڕوانمە
پاساریە خوساوەکانیعەشق
کەپڕن لە فرمێسك و فردەوسی خۆشەویستی
پڕن لە گزەبای زەردەپەڕو
سوتانێك لە پایزبونی تەمەن
دەستم پڕکە لە ماچی ڕووت
لە سوراوی پێکەنینی
تادەگەینە گوناهبارترین تاقانە سێوو
تا وانەی سوربوی گەڵاکان فێربین
لەم تاریکی مەست بوونەدا
بمکە میوانی بەرزایت
تا بڕوانمە گۆشەگیری گەڵا
گریاوەکانی ئەوێ
بە دیار پێکەنینی ڕوبارێکەوە
بزەی لێوت دەڕوانێتە ساتی مەست بوون
لە دۆزەخترین ئێوارە و لە سوتانی پایزی
تاقانەترین سێوو

له پاڵ شیعر و کورسیەکدا دواین
پێك و دواین چڵ گیا دەلاوێنێت
تابەم باڵە کورتانەوە
گەمەی بردنەوەی دواین
پیاسەی ئێوارەیەك
بەڕێ بکەین
لەودیوو شوشەی بێ دەنگیەوە
بە ئاگا بین
تاسەدەفە ڕوتەڵەکان
لە ماڵی سەرابە شێتەکان
وەدەرنێین و
پاساریەکان رانەگوێزین بەرەو
ڕووناکی شەوەزەنگ
لە گریانی جوتێ لیمۆ و ستیانێکەوە
بڕوانە بڕوانە
حەیای پەرداخە مەستەکان
بڕوانە ڕوخساری شێواوی سۆزانیەك
هەناسەی پڕپڕە لە خۆشترین
ماچی تەڕو
ناسکترین سەمفۆنیا و
تاقانەترین سێوو لە دامێنی حوجرەیەکی
پێش فڕینم باڵەکانم
بەخشی
بەخواوەندی درۆ
لە تابوتە زۆرزانەکەی ئەو دەڤەرە
بەرێت کردم
لەپێ جسکەی نیگاکانم چۆن بڕوانم
دەوەن دەوەن
لە دەم ئاوێنە تەڕوو
تووشەکانی حەقی قەتدا
توامەوە.